لەم ژمارەیەدا
ل٣ یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارە هەنگاوێکی ئەرێنی بوو
ل٤ زایەڵەی پەیامێکی شێردڵ و مۆد
ل٥ چەند نموونەیەکی زیندوو لەسەر قەڵەم و هەڵوێست فرۆشی
ل٦ من هەر ئەو کەسەم، جاران راویان دەنام ئێستاش رێزم لێدەگرن

گەل ROJI GEL
هەفتەنامەیەکی سیاسی رۆشنبیریی گشتییە، حزبی رزگاری کوردستان دەری دەکات
ژمارە (١٤٠) یەکشەممە ٢٠٠٦/١/٢٢

## ڤیستیڤاڵی ٢ی رێبەندان لەهەولێر بەرێوەناچێ

لەئاگادارینامەیەکدا کە بەرێز عەلی قازی کوری پێشەوا قازی محەمەد لەرۆژی ٢٠٠٦/١/١٦دا بڵاویکردۆتەوە، هاتووە: (بریار وابوو رۆژی ٢٠٠٦/١/٢٢ لەڤیستیڤاڵێکی ٢ رۆژیدا یادی ٦٠هەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان پیرۆزبکرێت، بۆ ئەو مەبەستە ژمارەیەکی زۆر میوانی کورد لەهەر چوارپارچەی کوردستان لەناوەوەو دەرەوەی وڵات بەرێکخستن لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری ئیدارەی هەولێر، بۆ ئەو ڤیستیڤاڵە بانگهێشت کرابوون. لەکاتێکدا زۆربەی میوانەکان هەموو ئامادەکارییەکیان کردبوو، تەنانەت هەندێك لەمیوانان چەند کاتژمێرێکیان مابوو بەرێ بکەون. لەلایەن وەزیری رۆشنبیری ئیدارەی هەولێرەوە پێم راگەیەنرا، لەبەر سەرقاڵی سەرۆکایەتی هەرێم و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم بەدامەزراندنی حکومەتی ناوەندی عێراق و یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە، ئەو ڤیستیڤاڵە هەڵوەشێنراوەتەوە، من لەلایەن خۆمەوە داوای لێبوردن لەهەموو ئەو بەرێزانە دەکەم کە لەسەر داوای سەرۆکایەتی هەرێم بانگهێشتی ئەو ڤیستیڤاڵەم کردبوون و ئێستا بەداخەوە جێبەجێ نابێت).

# کوردو تورك لە کۆنفرانسی کۆنسەی ئەوروپا، سەنگەریان لە یەکتر گرت

*هەواڵەکان:* رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢٠٠٦/١/١٨ کۆنسەی یەکێتی ئەوروپا کۆنفرانسێکی تایبەتی لەسەر رەوشی فەرهەنگی کوردی بەرێوەبرد، لە کۆنفرانسەکەدا باس لەرەوشی فەرهەنگ و رۆشنبیری و میدیاکانی کورد لەهەرچوارپارچەی کوردستان کرا. راپۆرتی کۆنسەی ئەوروپا کە لەلایەن (لۆرت روسسەل جۆنستۆن)ەوە ئامادەکرابوو، گفتگۆی لەسەر کرا. هەروەها نوێنەرای ئەنستیتۆی کورد لەپاریس و بەرلین و برۆکسل و ئۆسلۆ و ستۆکهۆلم بەشدارییان لەگفتوگۆکاندا کرد. هەروەها نوێنەری رێکخراوەکانی مافی مرۆڤی کوردستان و ژمارەیەکی زۆر لەرۆژنامەنووسان و نوێنەرانی میدیاکانی ئەوروپا بانگهێشتکرابوون. ئەوەی شیاوی باسە ئەم کۆنفرانسە لەبەر گوشاری دەوڵەتی تورك لە ٣٠ نۆڤەمبەری ٢٠٠٥ بۆ ٢٠٠٦/١/١٨ دواخرابوو. هەروەها یەکەمین جاربوو کە تەلەفزیۆنێکی وەك رۆژ تی ڤی بە فەرمی بانگهێشت بکرێ، لەکاتێکدا کەناڵی رۆژ تی ڤی داوەتکراوە کە حکومەتی تورکیا گوشارەکانی خۆی بۆ کپکردنی دەنگی رۆژ تی ڤی توند کردۆتەوەو دادگەی دانیمارکیش ناچێتە ژێر گوشارەکانی تورکیاو ئەمریکاوە. لەم کۆنفرانسەدا ژمارەیەکی زۆر پەرلەمانتاری ئەوروپا ئامادەبوون. حکومەتی تورکیا بۆ چەواشەکاری و شێواندنی راستیەکان چەندین رۆژنامەوانی خۆی بە بێ بانگهێشتکردن رەوانەی نێو هۆڵی کۆنفرانسەکە کردبوو. کاتێك سەرپەرشتیاری کۆنفرانسەکە رێگەی بە بەرێوەبەری رایەڵەی ئاسمانی رۆژ تی ڤی بەرێز (مەنۆچەهری تەحسیلی) دا کە وتارەکەی پێشکەش بکات، رۆژنامەوانەکانی تورك دەستیان بە ئاژاوەگێری کرد. حەسەن جەمال سەرنووسەری رۆژنامەی میللیەتی تورکی کە بەبێ داوتکردن خۆی گەیاندبووە ناو هۆڵەکە هەڵسایە سەرپێیان و داکۆکی لە رژێمی تورك کردو کوردەکانی بەوە تۆمەتبار کرد کە بەبێ هۆ دەوڵەتی تورك تۆمەتبار دەکەن. سەرنووسەری رۆژنامەی میللیەت گوتی: دەوڵەتی تورك هیچ رێگریەکی لەبەردەم فەرهەنگو رۆشنبیری کوردی دانەناوە، بەڵام هێزە کوردیە تیرۆریستیەکان خراپەکاری دژ بە نەتەوەی تورك ئەنجام دەدەن. بەمەش سەنگەرگرتن لەنێوان کوردو تورك لەنێو کۆنفرانسی کۆنسەی ئەوروپا هاتە ئاراوە. زۆربەی پەرلەمانتارانی ئەوروپای ئامادەبووی ناو هۆڵەکە لایەنگریان لەکورد کردو هەڵوێستی سەرنووسەری رۆژنامەی میللیەتی تورکیا وەك هەڵوێستی دەوڵەتی تورك لەبەرانبەر نەوەی کورد لێکدایەوە نیگەرانی خۆیان پێشاندا و رایانگەیاند کە دەوڵەتی تورك لەبەرانبەر پێشکەوتنی فەرهەنگ و رۆشنبیری بەتایبەتیش لەهەبوونی رادیۆو تەلەفزیۆنە کوردیەکان رەگەزپەرستی دەنوێنێ و هەوڵی داخستنیان دەدات.

## ئۆجەلان: ئەگەر لە زیندان بمرم، دەوڵەتی تورکیا بەرپرسیارە


(ئەو سزایە زۆر قورسەو دەوڵەتی تورکیا هەوڵ دەدا بە شێوازی دەروونی من لەناو ببات، ئەگەر لەزیندانی ئیمرالی لەناو بچم، حکومەتی تورکیا بەرپرسیارە).

سێ لەپارێزەرەکانی بەرێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان رۆژی ١٨ـ١ـ٢٠٠٦ سەردانی دورگەی ئیمرالیان کردبوو، چاویان بە ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان کە نزیکەی ٧ ساڵە لەزیندان دایە، کەوتبوو. بەگوێرەی قسەی پارێزەرەکان، بەرێز ئۆجەلان بەتووندی رەخنەی لەسزای تاکەبەندی گرتووە کە بەرێوەبەرانی زیندان ماوەی بیست رۆژ بەسەریاندا سەپاندبوو. بەدرێژایی ئەو ٢٠ رۆژە لەخوێندنەوەی رۆژنامەو گوێگرتن لەرادیۆ بێبەش بووە. ئۆجەلان گوتویەتی: (من بەهیچ جۆرێك سزاکە پەسند ناکەم، من دیلم، نە جەماوەرم هانداوەو نە رێنوێنیم کردوون. من تەنیا داوای مافی پەروەردەم بە زمانی زگماکی کردووە). هەرلەم بارەیەوە مەترسی خۆی پێشانداوەو گوتویەتی:

## زەواهیری نەمردووە

ئاژانسی هەواڵەکانی جیهان وایان بڵاوکردبۆوە کە ئەیمەن زەواهیری، کەسی دووەمی رێکخراوی ئەلقاعیدە لەبۆردوومانێکی سەرەتای ئەم مانگەی فرۆکەکانی ئەمریکا لەگوندێکی پاکستاندا کوژراوە، بەڵام رۆژی ٢٠٠٦/١/٢٠ ماڵپەرێکی ئینتەرنێتی پەیامێکی دەنگی ئەیمەن زەواهیری بڵاوکردۆتەوە کە ماوەی ١٧ خولەکە. لەم پەیامەدا زەواهیری ئاماژە بەو چالاکیانە دەدات کە لەنێوخاکی ئەفغانستان و عێراق و چیچان و فەلەستین دژ بە هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانی ئەنجام دەدرێن. چاودێران لەو باوەرەدان ناردنی ئەم پەیامە لەم کاتەداو لەدوای پەیامەکەی ئوسامە بن لادنی رێبەری رێکخراوی ئەلقاعیدە ئاماژەیە بۆ زیندو بوونی هەردووکیان، ئەمەش بە مەترسیەکی گەورە پێوانە دەکرێ و نیشانەی شکستخواردوانی گورزەکانی ئەمریکایە بۆ لەناوبردنی ئەو دوو کەسە.

هیلاری کلنتن:

# حکومەتی بوش گەندەڵترین حکومەتە



ماڵپەری یو ئێس ئەی تودەی: هیلاری کلنتن هاوسەری بیل کلنتەنی سەرۆکی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گوتویەتی: (ئێمە ئەمرۆ لەگەڵ گەندەڵترین و لاوازترین حکومەت رووبەروو بووینەتەوە کە لەمێژووی ئەمریکادا بێوێنەیە). هەروەها هیلاری کلنتەن حکومەتی جۆرج دەبلیو بوشی بەوە تۆمەتبار کردووە کە سستی بەرانبەر بە پاشماوەکانی کارەساتی دڵتەزێنی کاترینە نواندووە و وەکو پێویست کۆمەکی نەکردوون و بەهانایانەوە نەچووە و پشتی تێکردوون و هیچ بایەخیان پێنادات. هەروەها رەخنەی لەپەرلەمانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گرتووەو بەوە تۆمەتباری کردووە کە گوێ لەنەیاران ناگرێ و هیچ شانسێك بۆ رامان و بۆچوونی بەرابەر دانانێ. تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە کۆشکی سپی هیچ کاردانەوەیەکی بەرانبەر بە قسەکانی هیلاری کلنتەن لەخۆی پێشان نەداوە. لەوەڵامی پرسیاری رۆژنامەنووساندا سەبارەت بە قسەکانی هیلاری، وتەبێژی کۆشکی سپی خۆی بواردووەو وەڵامدانەوەی بۆ کۆمیتەی میللی کۆماریخوازان گێراوەتەوە.

## خەڵکی عەرەبستانی سعودی سەرچاوەیی دارایی رێکخراوە تیرۆریستیەکانن

دەزگای سیخوری ئەمریکا (سی ئای ئەی) لەو بروایەدایە کە شانشینی عەرەبستانی سعودی بەڵێنەکانی خۆی سەبارەت بەرێگرتن لەبڵاوبوونەوەی تیرۆرو دزەکردنی پارە لەسعودیەوە بۆ تیرۆریستەکانی جیهان جێبەجێ نەکردووە. رۆژنامەی (لۆس ئەنجلۆس تایمز) لەزاری لێپرسراوە ئەمریکیەکانەوە بڵاویکردۆتەوە کە ژمارەیەکی زۆر لەتیرۆریستە سعودیەکان لەکاتێکدا لەدەست لێپرسراوانی ئەو وڵاتەوە رادەکەن، دەسترۆیشتووانە کاری تیرۆریستی لەعێراق درێژەپێدەدەن. راپۆرتەکانی سوپای ئەمریکا ئاماژە بەوە دەکەن کە نیوەی ئەو چەکدارانەی عێراق کوژراون، خەڵکی عەرەبستانی سعودین. راپۆرتی ئاژانسی هەواڵەکانی ئەمریکا ئەماژەی بەوە کردووە کە ملیۆنەها دۆلار لەدەوڵەمەندە سعودیەکانەوە لەرێی دامەزراوە بەناو خێرخوازەکان و رێکخراوە فریاگوزاریەکانەوە بۆ رێکخراوی قاعیدەی تیرۆریست و رێکخراوەکانی تر لەناوچە جیاوازەکانی جیهان دەچێت. دەزگای سیخوری ئەمریکا لەم بارەیەوە پێشنیازی بۆ حکومەتی واشنگتەن کردووە کە بەرنامەیەکی تۆکمەدابرێژێ و تەواوی توانای خۆی بۆ رێگری کردن لەو کۆمەکە داراییانە تەرخان بکات و بکارێ ئەو سەرچاوانە بناسێنێت کە لەژێرەوە کۆمەك بەتیرۆریستان دەکەن.

## رۆژەڤ

خەڵکی کوردستان بە تامەزرۆییەوە لەپێکهێنانی حکومەتی یەکگرتووی کوردستان دەروانن، وا هەست دەکەن یەکێ لەخواستەکانیان کە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە بوو، بەشێوەیەك لەشێوەکان وەدی هاتووە، ئاوات دەخوازن کە خواست و هیواکانی دیکەشیان وەبەرهەم بێ و نەتەوەی کوردیش وەك نەتەوەکانی دیکەی جیهان بە مافی رەوای خۆی شادبێ و بەهرە لەبریاردانی چارەنووسی خۆی وەربگرێ. خەڵکی باشووری کوردستان و تێکرای تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری لەهەر شوێنیکی ئەم جیهانە بن بە گەشبینیەوە لەداهاتوو دەروانن و هیوادەخوازن کە سەرکردەو رێبەرانی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستانیش شوێن پێی بزاڤی ئازادیخوازی گەلانی بندەست هەڵبگرنەوە و کوردستان بە رزگاری و سەربەخۆیی یەکجارەکی بگەیەنن. لەم پێوەندییەدا جێگەی خۆیەتی کە باس لەکابینەی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین و خوازیاربین کە لەپێکهێنانی ئەو کابینەیەدا لاسایی وڵاتان بکرێتەوە و لایەنی کەم لەسەروبەندی دەستبەکاربووندا ئەندامانی کابینەکە سەروەت و سامانی خۆیان بۆ پەرلەمانی کوردستان و رای گشتی کوردستان ئاشکرا بکەن و بیخەنە بەرچاوان. ئەمرۆ بۆتە نەرێتی باو، کێ پۆستێکی دەوڵەتی وەربگرێ، داوای لێدەکرێ کە سەروەت و سامانی خۆی ئاشکرابکات و دواییش ئامادە بێ رێگە بە کۆمیتەی چاودێری و دەستپاکی دارایی بدات کە لەچەندایەتی سامانەکەی و شێوەی کۆکردنەوەی بکۆڵێتەوەو پرسیاری لێ بکەن. ئێمە بە تەواوی بروامانەوە پشتیوانی لەحکومەتی یەکگرتووی کوردستان دەکەین و ئامادەیی خۆمان بۆ هاوکاری و هاوهەنگی پێشان دەدەین و دەخوازین ئەمجارەیان حکومەت بۆ تێکرای گەڵ بێ و هەمووان لەمافی وڵاتیبوون بەهرەمەند بن، داواکارین کە هیچ کەس و لایەنێك بێبەش و بێبەری نەکرێ. هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە لەئەرك و ماف یەکسانبن و یاسا لەسەرووی هەموو کەسێکەوە بێ. دەبێ بەکردەوە پێشانی جیهانیانی بدەین کە نەتەوەی کرود هیچی لەنەتەوەکانی دیکە کەمتر نییەو زۆر راشکاوانە دەتوانێ خۆی و نیشتیمانەکەی بەرێوە ببات.

ئەمرۆ چاوی دۆست و دوژمن لەسەر پێکهێنانی حکومەتی یەکگرتووی کوردستانە. دۆستەکانمان ئاواتەخوازن کە حکومەتی هەرێم لەهەنگاوەکانی خۆی سەرکەوتووبێ و بتوانێ وڵات بەرەو ئاوەدانی ببات و دانیشتوانیش ئاسوودەو بەختەوەر بکات، لەبەرانبەردا دوژمن خەون بە تێکشکانی حکومەتی کوردستان دەبینێ و لەبۆسەدا بۆی دانیشتووە. بچووکترین هەڵەو کێماسیەکانی حکومەت گەورە دەکاتەوەو پێشانی وڵاتانی دەدات و هەوڵدەدات نەتەوەی کوردی پێبشکێنێ، بۆیە دوو ئەرکی گرنگ لەئەستۆی حکومەتی یەکرگتووی کوردستان دایە: لێبراوانە لەپێناو پتەوکردنی ریزەکانی نێوەخۆی کوردستانیان تێبکۆشێ و سوود لەتواناو لێهاتوویی هەموو تاکێکی کۆمەڵگە وەربگرێ و دیاردەی گەندەڵی ریشەکێش بکات. هەروەها سیاسەتێکی روون و ئاشکرا لەبەرانبەر دوژمن و داگیرکەراندا پێشان بدات و شاننزمی بۆ هیچ دەوڵەت و دەستەلاتێك نەکات. هەرچۆن نیشتیمان دایکی هەموانە و پارێزگاری لێکردنیشی ئەرکی سەرشانی هەموانە، بە هەمان شێوەش دەبێ حکومەتی یەکگرتووی کوردستانیش بۆ هەموان بێت و هەموو بە تێکرایی هەوڵی بەرەوپێشەوەبردنی بدەن.

## نەرویج: لیستی یەکێتی ئەوروپا سەبارەت بە تیرۆر ناناسین

وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی نەرویج سەبارەت بە هاوکاریکردنی وڵاتەکەی لەگەڵ وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا بۆ بەگژداچوونەوەی گروپە تیرۆریستەکان رای خۆی دیار کردو گوتی: هەرچەندە نەرویج ئەندامی یەکێتی ئەوروپا نییە کەچی لەگەڵ ئەو یەکێتیەدا بۆ دژایەتیکردنی گروپە تیرۆریستەکان هاوکاری دەکات، بەڵام ئەو لیستە پەسند ناکات کە وڵاتانی ئەوروپا ژمارەیەك رێکخراو بە تیرۆریست دەزانێ. چونکە وڵاتی نەرویج لەگەڵ هەندێك لەو رێکخراوانەی کە ناویان لەلیستەکەدا هاتووە لەگفتوگۆدایە. لەنێوان ئەو رێکخراوانەو وڵاتەکانیان بێلایەنەو هاوکاریان ناکات. سەبارەت بە کێشەی کوردستان، وتەبێژەکە راشکاوانە رای وڵاتەکەی دیارکردو گوتی: ئێمە لەنزیکەوە چاودێری لەدۆزی کورد دەکەین و بەردەوام لێی دەروانین. نەرویج لەهەر شوێنێ بێ براوەدەبێ و لەپێناوی مافی مرۆڤدا تێدەکۆشێ. ئەوەی شیاوی باسە یەکێتی ئەوروپا، پارتی کرێکارانی کوردستانی لەنێو لیستی رێکخراوە تیرۆریستەکان داناوەو لەسەر داوای تورکیا دەیەوێ دژایەتی ئەو رێکخراوە بکرێ. هەندێ وڵاتی ئەوروپا جولانەوەی رزگاریخوازیی کوردستان بە جولانەوەیەکی رەوا دەناسن و پشتیوانی لێدەکەن و باش لەدۆزی نەتەوەی کوردی داگیرو پارچەکراو تێدەگەن و نایانەوێ بکەونە داوی لەیستۆکی تورکانەوە.

